www.kurdistannet.org
یەکاتی ناوەندی ئەوروپا   29-10-2006 6:51

لە غیابی رەخنەدا (1)

## پۆست کارتۆنیزمی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ... ئاگرین

یەك لە کۆمیدییە مەسخەرەکانی گۆرەپانی پر لە مافیا و قاچاخچی میدیای کوردی »چەمکی "هەم دەسەڵاتم و هەم ئۆپۆزیسیۆن _ "ە و پاڵەوانی ئەم بوارەشمان یەکێتی نیشتمانی کوردستان_ە.

یەك لە هێماکانی ئەم چەمکە "بەرنامەی بەرنامە"ی کوردساتە ئەوەی بە روخساری ئەم بەرنامەوە دەبینرێ دووربوونی دیمۆکراسی و مەدەنیەت و... هەر ئەم بەرنامە شە "جەماوەر" فێری نەفرەت لە دەسکەوتەکان دەکات و... تاد کورد سات تەلەفزیۆنی ی.ن.ك_ە نەك یەکگرتووی ئیسلامی!

رۆژنامەی "هەواڵ" یش دیسان بەدولارە سەرگەردانەکانی ی. ن. ك ئاوس دەبێت و دەقاودەق بە عەقڵییەتی بەعسی کار دەکات و "جەماوەر" فێری بێحورمەتی بە یەکتر و بە سەرکردە و ژیانەوەی رۆح و نەفەسی سەردەمی شەری ناوخۆ دەکات و دووریش نیە یەك لە باڵەکانی ناو ی.ن.ك خاوەنی بێ ئەخلاقترین میدیای کوردی _ کوردستانپۆست_ نەبێت!

ی.ن.ك بەهۆی قەیرانە مەزنە نێوخۆییەکانییەوە خەڵك دێنێتە سەر شەقام هەر بۆ خۆشی تەقەیان لێدەکات. دەیانکوژێت. دیلیان دەکات و تۆمەتباریان دەکات!

ی. ن. ك بەشبەر و بەشدارێکی مەزنی دەسەڵاتە و ئەم رەفتارانەشی وامان لێدەکات گومان لە هاوپەیمانی و راستگۆیی بکەین.

کێ. کام حیزبی سیاسی لە دونیادا هەم دەسەڵات و هەمیش ئۆپۆزسیۆنە؟

بۆیە لە وڵامی قسەی پیاوماقوڵانی یەکیەتیدا دەبێ بڵیین ئاوێنەکان ئەنفال مەکەن » بەڵکە شەرم لە پۆست کارتۆنیزمی راگەیاندنی خۆتان بکەن.

کوردسات و هەوال و... تاد نەك رەخنەگر نین بەلگە درووست لەغیابی رەخنەدا لە پێناو قیزەونکردنی رەخنەدا کار دەکەن و ئەگەریش مۆنۆمێنت دەسوتێنرێ و... تاد سەرمایەدارانی ناو یەکێتی دەبێ "فەخر"بکەن کە "جەماوەر" بە جوانی وانەکانی ئەوانیان لەبەر کردووە و پاداشتی رۆژنامە چییە کانیان بدەنەوە!